# دیوانی شیعریی ( چۆن بۆت بدوێم )ی ئەحمەد بازگر بڵاوکرایەوە

هۆنراوەکانی شاعیری کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەحمەد بازگر لەژێر ناوی ( چۆن بۆت بدوێم) بڵاوکرایەوە بە قەبارەی (221)لاپەڕە و لەلایەن چاپخانەی کارۆوە بڵاوکرایەوە و ئەنوەر حسێن بازگریش پێشەکی بۆ نوسیوە و هەندێ لایەنەکانی ژیانی ئەم شاعیرە کوردستانیەی خستوەتە ڕوو.

شاعیر لە دەسپەیکی دیوانەکەدا نوسیویەتی" ئەم دیوانە هەموو شیعرەکانی من نین، بەڵکو هەڵبژاردەیەکە لە سەرجەمی شیعرەکانم و تا ئیستاش بڵاوم نەکردونەتەوە، نووسیویەتی خوێنەر دەتوانێت لە ڕێی ئەم شیعرانەوە بە شوێن هەودا دەزووی ژیانی مندا بچێت و تا ئەمرۆ لەگەڵدابێت."

ئەنوەر حسێن کە پێشەکی بۆ ئەم دیوانە نووسیوە سەرجەمی شیعرەکانی بازگریشی کۆکردوەتەوەو بازگری ناوناوە (شاعیرێك لە ڕووناکی ئاودا) و پێیوایە ئەم دیوانە دوای هەوڵێکی زۆر پێگەیشتووە، بۆیە دەتوانێ ببێت بە بەشێك لە مێژووی سێ دەیەی ڕابردوو، بەتایبەت شۆڕش و قوربانیدانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ، پێیوایە زۆرجار شیعرەکانی بازگر پێش ناوی خۆی کەوتوون و ناسراون، کە ڕەنگە بەهۆی غەدری مێژوو لە بارودۆخی سیاسی و خەباتی پێشمەرگانەی ئەوکاتە .... بازگرو شیعرەکانی ڕەنگە لە زۆر شاعیری تر جیاوازتر و تایبەندتربێت، ئەو کە کوری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، هەموو ژیانی خۆی لە خەباتی پێشمەرگە و خەباتی چینایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان و خەباتی مرۆیی و هیومانستی و تاراوگە و لە کوردستانی عیراق و هەندەران بردوەتە سەر. ئەنوەر حسێن ئەوەشی نووسیوە کە ئەم هەوڵە دەیەوێت دەریجەیەکی بچووك بێت بۆ ناساندنی بەشێك لە شیعرەکانی ئەحمەد بازگر و هەوڵەکانی لە کوردستانی ئێران، کە لە پاڵ سەدان دەنگی چڕی و شیعری پڕ بەگەڕوو هاوران، بۆیە ئەم دیوانە شیعرییە پڕ بە گەڕوو هاوارن، بۆیە ئەم دیوانە شیعرییە بەشێکی پەیوەستە بەدەرخستنی ئەو بەسەر شیعردا.

ئەنوەر حسێن سەبارەت بە ژیانی بازگر نووسیویەتی ئەحمەد کوری دێیە و لە ساڵی 1340 ی هەتاوی 1962 ز لە دایکبووە، بەهاری ڕابردوو تەمەنی بووە بە 50ساڵ و هۆنراوەکانیشی هی 26 ساڵ لەمەوبەرن ، بازگر دێتە نێو ریزەکانی کۆمەڵە و هەر ئەوکات بریار لەسەر ژیانی تاراوگە دەدات و دێتە کوردستانی باشوور و زۆربەی ژیانی تا ساڵانی نەوەدەکان لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری دەژی دواتر لە ساڵی 1990 بەدواوە دەچێتە سوید و لەوێ دەژی، بۆ دواجاریش لە بەهاری ساڵی 2011 دا جارێکی دیکە گەڕایەوە کوردستان و کۆمەڵێ لەو هۆنراوانەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە و لەم دیوانە قەشەنگەدا بەهاوکاری ئەنوەر حسێن و چەند کەسێکی دیکە بە چاپی دەگەیەنێ، زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەلایەن هونەرمەندانی وەك (کاڵێ ، ڕەزازی، نەجمەی غولامی، بەکری لەگزی و چەند کەسێکە دیکە کراوە بە گۆرانی.

هەر لەو پێشەکیەدا کە ئەنوەر حسێن بۆی نووسیوە، چەند خوێندنەوەیەکی بۆ چەند پارچە شیعرێکی ئەم شاعیرە نوسیووە ، لەوانە چەمکی ئینساندۆستی و هیومانستی لە شیعرەکانی بازگردا، ژن لە شیعرەکانی بازگردا- دوای پێشەکیەکەش بەشێك لە شیعرەکانی ئەحمەد بازگر بڵاوکراونەتەوە.




ئا : زانا ئیبراهیم